# دەنگ هەڵبڕن دژی بڕیارێکی
# عەدنان- نێچیر

**باوەڕ پیرۆززادە**

لە دوو ڕۆژی رابردوودا لە چەند ماڵپەڕێکی ئینتەرنێتدا نووسرا بوو کە گوایە سەرۆکی پەرلەمان داوای لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کە زیاتر لە 30000 دۆلار بۆ هەر ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی کڕینی ئۆتۆمۆبێل سەرف بکات سەرۆکی حکومەتیش لە جیاتی ئەو پارەیە کەم بکاتەوە زیادی کردووەو پارەکە بۆتە 30700 دۆلار،پاش تەئکید کردنەوە لە چەند ئەندامێکی پەرلەمان بە دڵخۆشییەوە هەواڵەکەیان پشتڕاستکردەوە.

دەپرسم ئەرێ کام ئەندام پەرلەمان بە تاکسی یان بە پێ بۆ پەرلەمان هاتوچۆ دەکات؟ ئەرێ لە لە وڵاتە دیموکراتەکانی دنیا بینیووتانە مووچەی پەرلەمانتار باڵاتر بێت لە باڵای میللەت، زەوییان بەراوتر بێت لە بەراوەکانی نیشتمان،کورسیان خۆشەویستر بێت لە شەهیدانی ئازادی، ئۆتۆمۆبێلیان جوانترو سێکسیتر بێت لە شۆخترین کچ ،گلەییان زیاتر بێت لە هەژارانی وڵات... کە حزبەکانیشیان وتیان کارتان لە پەرلەمان تەواو بوو بە قودرەتی حزب خانەنشین بکرێن...!!

نازانم کوڕی پیاوێکی هەژاردۆستی وەک رەشاد موفتی کە ناوی عەدنان موفتییە چۆنو بە چ ویژدانێک ئیمزا لەسەر نووسراوێک دەکات تا هەژارو نەداران زیاتر بێ قووتتربن.. نانبڕاوتربن،ئەی نێچرڤان بارزانی بە چ ئەقڵو مەنتیقێک ئیمزا لەسەر نووسراوێک دەکات کە باش دەزانێت ئەمە بەرتیلو بەخشیشە!! کە زیاتر لە 20 کەسیان تا ڕۆژانی ڕاپەڕین بە قەڵەم یاخود بە چەک بەرگریان لە سەددام حوسێن دەکرد.

زۆر سەیرە.. لە 111 ئەندام پەرلەمان، تا ئێستا هیچ ئەندام پەرلەمانێک بە نەخێر وەڵامی ئەو بڕیارەی نەداواتەوە کەواتە سەلماندتان ئێوە نوێنەری خەڵکی کوردستان نینو هیچ کەسێکتان ئازادیخوازو ئازاد نین! بەڵکو بە ئاشکرا بازرگانی بە خەڵکی رەشو رووتی کوردستانەوە دەکەن!

لەم مینبەرە داوا لە نووسەرانی پێشکەوتنخوازو ئازا.. خەڵکی هەژارو کرێکاردۆستی کوردستان دەکەین بڕیاری ناوبراو مەحکوم بکەنو بیخەنە بەر هێرشی قەڵەمەکانیانو خۆپیشاندان بکەن.